


بەکر شوانی

# من ناوم سوورە
## بۆتەی ئاوێتەبوونی رەنگ و ئەڤین




ORHAN PAMUK

ئارەزووم دەکرد رووداوەکان بەردەوام بوونایە و منیش لە خۆشی و ناخۆشیدا لە ناو پاڵەوان و کارەکتەرەکان دا بمابام.

ئەم شێوازە کارێکی وای کردووە سەرجەم کارەکتەرەکان تا دۆزینەوەی بکوژی راستەقینە وەک گومانلێکراو بێنە پێش چاو

دوای هەردوو ڕۆمانی "بەفر" و "قەڵای سپی"، ڕۆمانی Benim Adim kirmizi من ناوم سوورە " سێهەم شاکاری نووسەری تورکی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات –٢٠٠٦–ە کە نووسەری ئەم بابەتە لە تورکییەوە بۆ کوردی وەری گێڕاوە. "من ناوم سوورە" بڵاوکراوەی ژمارە ٨٣١ی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەیە، لە مانگی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ لە چاپخانەی ئاراس چاپ کراوە، ٦١٦ پەڕەی قەوارە گەورەیە و لە کتێبخانەی ئاراس، یاخۆ لەو شوێنانەی کە دەزگای ئاراس پێشانگەی کتێبیان لێ دەکاتەوە، دەست دەکەوێت.

پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر و بەدەم ئەمدیو و ئەودیو پێکردنی کتێبە تورکییەکانی کتێبخانەیەکی تورکیی بچووکەوە لە شەقامی کۆیپشتراسەی شاری کۆڵن، ڕۆمانی "من ناوم سوورە"م بەرچاو کەوت. پێشتریش ناوی ئەم ڕۆمانەم بیستبوو و سەرنجی ڕاکێشابووم. ئەو کاتە هێشتا ئۆرهان پاموک خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرنەگرتبوو، بەڵام هەر ئەو کاتە ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕدرابووە سەر ١٩ زمانی جیهانی و سەنگ و قورساییەکی زۆری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ نووسەر بەدەست هێنابوو. بۆیە دەسبەجێ کتێبەکەم کڕی و پاش ماوەیەک دەستم بەخوێندنەوەی کرد، چونکە فرە تامەزرۆ بووم بزانم کێ ناوی سوورە. پاموک وەک گشت شاکارەکانی تری، زمانێکی تورکیی خۆش و ئەوتۆی بەکارهێناوە، کە بەئەفسوونی داڕشتن و شێوەی دەربڕینی زانستییانەی خوێنەری ناتورک زیاتر بەرەو خۆی کەمەندکێش دەکات. لە خوێندنەوە بەردەوام بووم تا گەیشتمە بەشی ٣١، ئەو بەشەی کە ڕەنگی سوور تیایدا زمان دەگرێت و دەڵێت: "... ئای چەندە کامەرانم لە پای سوور بوونم! هەناوم دەسووتێت؛ بەگوڕ و تینم؛ دەزانم هەستم پێ دەکرێت و دەشزانم خۆتان بۆ ڕاناگیرێت لە بەرانبەرمدا. خۆم ناشارمەوە: ئەمەشم بەزراڤی و لاوازی یان بێهێزی بۆ پێک نایەت، تەنیا بەبڕیارداری و ویست بۆم مەیسەر دەبێت. خۆم دەسەلمێنم. لە ڕەنگەکانی تر و لە سێبەر و جەنجاڵی یان لە تەنیایی ناترسم. چەند جوانە کاتێک ڕووبەرێکی بەندەواری خۆم بەئاگری سەرفرازیم پڕ دەکەمەوە! لەو شوێنەی منی لێ بڵاو دەبمەوە، چاوان دەدرەوشێنەوە، شەیدایی تاو دەسێنێت، برۆکان ڕاست دەبنەوە و لێدانی دڵ خێرا دەبێت. بۆم بڕوانن؛ ژیان چەند خۆشە! سەیرم بکەن؛ بینین چ خۆشە. ژیان بینینە. لە هەموو جێیەک دەبینرێم. باوەڕم پێ بکەن، ژیان لەگەڵ مندا دەست پێ دەکات و هەموو شتێک بۆ من دەگەڕێتەوە..." (من ناوم سوورە، ئۆرهان پاموک، وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل٢٨١).

چێژێکی زۆرم لە ڕۆمانەکە وەرگرت. هەموو پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان چوونە هزرمەوە و لەوێ جێی خۆیان کردەوە. هێشتا بیرۆکەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی ئۆرهان پاموکم لە خەیاڵدا نەبوو. بەڵام دوای ئەوەی پاموک لە ساڵی ٢٠٠٦دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، وا ڕێکەوت لەسەر داوای نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هاوڕێم کاک "بەدران ئەحمەد حەبیب"ی بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕۆمانی "بەفر"م وەرگێڕا و کارەکەم لە لایەن خوێنەرانی کوردەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و بابەتی زۆری لەسەر نووسرا. دواتریش ڕۆمانی "قەڵای سپی"م وەرگێڕا، کە ئەویش سەرەتای تشرینی دووەم/ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ هەر لە لایەن دەزگای "ئاراس"ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. سەرەتای مانگی نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٨ خەریکبووم بڕیارم دەدا ڕۆمانێکی تری پاموک هەڵبژێرم و دەست بەوەرگێڕانی بکەم، بەڵام بیرم دەکردەوە داخۆ "ماڵی کپ"، "کتێبی ڕەش"، "ژیانی نوێ" یاخۆ "من ناوم سوورە" هەڵبژێرم. هەستم دەکرد پاڵەوان و کارەکتەرەکانی گشت ئەم شاکارانەی پاموک بەخەیاڵمدا دێن و دەچن و هەموویان پەلەی ئەوەیانە ڕۆژێک زووتر بگەنە بەرچاوی خوێنەری کورد. ناهەقیشیان نەبوو، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە لە زمانی دووەمەوە بکرێن بەکوردی و ئەم هەنگاوەیان زۆر لەبەر دڵ گرانە. کارەکتەر و پاڵەوانەکانی پاموک فرە ڕەنگین و گەشن، نایانەوێت لە ڕێی چوونیاندا بەرەو لای خوێنەری کورد بەپاڵاوتگەی زمانی عەرەبی یان فارسی یان هەر زمانێکی تری نێوان تورکی و کوردیدا تێپەڕن و لە ڕەنگ و ڕەونەقیان کەم بێتەوە. دواجار پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانی "من ناوم سوورە"، قەرە و پەپوولە و زەیتوون و لەقلەق و زاوا و شەکوورە و ئەستەر و دار و سەگ و ئیبلیس و هتد... هاتنە پێشەوە و سەرجەمیان مەبەستیان بوو هەرچی زووترە بەسەرهاتیان بەکوردی بخوێندرێتەوە. منیش دڵم نەشکاندن و دەستم دایە وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی ئەوان. سەرەتای مانگی ئەیلول/ سێپتەمبەر کاری وەرگێڕانەکەم بەئەنجام گەیاند، بەڵام لە بری ئەوەی خۆشحاڵ بم بەتەواوکردنی کارەکەم، دەمبینی هەمان هەستی دوای تەواوکردنی هەردوو ڕۆمانی "بەفر" و "قەڵای سپی"م هەیە: ئارەزووم دەکرد ڕووداوەکان بەردەوام بوونایە و منیش لە خۆشی و ناخۆشیدا لە ناو پاڵەوان و کارەکتەرەکاندا بمابام.

"من ناوم سوورە"، ڕۆمانێکی جوانی قەوارە گەورەیە، لەسەر بناغەی بابەتێکی دژوار بنیات نراوە و کەرەسەکانی بنیاتنانی لە مێژووی خۆشنووسی و نیگارکێشیی ئیسلامییەوە وەرگێڕاوە. بەڵام هەر ئەوەندەی خوێنەر دەست بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکات، ئەفسوونی

ڕووداوەکان بەکێشی دەکەن و چێژێکی زۆری لێ وەردەگریت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم ڕۆمانە لە فراوانترین دەروازەوە دەکەوێتە خانەی هونەری نزیکبوونەوە لە خوێنەرەوە. ڕەوشی هونەری نیگارکێشان (ئەوەی لەم سەردەمەدا بەشێوەکاری ناوی دەبرێت) لە تورکیا و جیهانی ئیسلامیدا سەرنجی نووسەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و زۆر ماندووی کردووە، ئەویش هیچ ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نەبووە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی نیگارکێشان و خۆشنووسی، جگە لە گەڕانەوە بۆ جیهانی ڕۆمان نەبێت.

ڕووداوەکانی "من ناوم سوورە" لە نۆ ڕۆژی بەفراوی و تۆفی زستانی ساڵی ١٥٩١دا دەقەومێن. پاموک بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و وای لێ بکات بەچێژەوە لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێت، بەتاوانێکی کوشتن دەستی بەڕۆمانەکەی کردووە. زەڕکارێک کوژراوە و تەرمەکەی فرێدراوەتەوە بنی بیرێکەوە. کوژراو لەو دنیاوە قسەمان بۆ دەکات:

"ئێستا من مردوویەکم، تەرمێکم لە بنی بیرێکدا. لەمێژە دوا هەناسەم داوە و زۆر دەمێکە دڵم ڕاوەستاوە، بەڵام جگە لە بکوژە نامەردەکەم، کەسی تر نازانێت چیم بەسەر هاتووە. ئەو دزێوی چەپەڵە، بۆ دڵنیابوون لە مردنم، گوێی بەهەناسەمەوە نا، هەستی بۆ لێدانی دڵم ڕاگرت. پاشان شەقێکی لە قەبرغەم هەڵدا، بۆ قەراغ بیرەکە بەکێشی کردم، هەڵی گرتم و فڕێی دامە خوارەوە. کەللەی سەرم، کە پێشتر بەبەرد شکاندبووی، لە کەوتنە خوارەوەمدا بۆ ناو بیرەکە، پارچە پارچە بوو. سەروچاوم، تەوێڵم و گۆناکانم پلیشانەوە و فەوتان. ئێسکەکانم شکان و دەمم پڕبوو لە خوێن..." (هەمان سەرچاوی پێشوو، ل ١١).

نووسەر، بەدرێژاییی ڕۆمانەکە ئەم تاوانە وەک گرێیەکی پۆلیسی بەکار دەهێنێت تا ئەو شوێنەی لە بەشەکانی کۆتاییدا بکوژ ئاشکرا دەبێت. ئەم شێوازە کارێکی وای کردووە سەرجەم کارەکتەرەکان تا دۆزینەوەی بکوژی ڕاستەقینە وەک گومانلێکراو بێنە پێش چاو. پێ بەپێی گەڕان بەدوای بکوژدا، ڕەهەندەکانی هونەری خۆشنووسی و نیگارکێشانی ئیسلامی دێنە ئاراوە. لێرەدا زانیارییەکی زۆر سەبارەت بەهونەری نیگارکێشانی کۆنی ئیسلامی و چینی دەخرێتە بەردەستی خوێنەر. نووسەر، کارەکتەرەکانی بەسەر دوو بەرەی ناکۆکییەکی زۆر قوڵدا دابەش کردووە. بەرەی یەکەم بەئاشکرا کار دەکات و لە هەوڵی دروستکردنی کتێبێکدایە بەناوی "جەژننامە" کە باس لە تەدارەک و ئاهەنگی خەتەنە سووورانی کوڕانی سوڵتانی ئەو سەردەمەی عوسمانی دەکات. نیگارکێشان و خۆشنووسانی ئەم بەرەیە بەسەرۆکایەتی مامۆستا عوسمانی سەرگەورەی نیگارکێشان و سەرۆکی

نیگارخانە و لەسەر شێوازی هونەری ڕۆژهەلاتیی کۆن کار دەکەن و لەسەر ڕێبازی هونەرمەندانی نیگارکێش و خۆشنووسی هەرات و تەورێز و ئەسفەهان و سەمەرقەند دەڕۆن. هەرچی هونەرمەندانی بەرەی دووەمیشن، بەنهێنی کار بۆ ئامادەکردنی کتێبێک دەکەن کە سوڵتان دەستووری داوە لەسەر شێوازی فەرەنگ "ئەوروپایی" دروست بکرێت و وەک دیاری بۆ دۆقی ڤینیسیا بنێردرێت. ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کتێبی دووەم بە "زاوا" سپێردراوە. زاوا، پێشتر باڵیۆز و نێردراوی سوڵتان بووە بۆ ڤینیسیا و لەوێ شێوازی نوێی نیگارکێشانی هونەرمەندانی ئەوروپاییی ئەو سەردەمەی بینیوە و پێی سەرسام بووە و هانی سوڵتانی داوە لە ئەستەنبوڵیش لەسەر شێوازی ئەوان نیگار بکێشرێت. لە کتێبی یەکەمدا، نیگار بێ چیرۆک نابێت و پێویستە شێوە لە خزمەتی بەسەرهاتدا بێت. ئەمەش لەگەڵ ڕوانگەی ئیسلامدا بۆ هونەری نیگارکێشی یەک دەگرێتەوە، شێوازێکی ڕەوا و باو و قاڵبگرتوو و ڕێگە پێدراو و بێ گرفت بووە. بەڵام لە کتێبی دووەمدا، بەرجەستەکردن و پێشاندانی کەسایەتی و شتومەک دەکەوێتە پێش گشت شتێکی ترەوە. ئەمەش لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەکەوێتە سنووری مەترسی و قەدەغەوە، بەدژایەتیکردنی ئیسلام دادەنرێت و مەلای مزگەوتەکان و شێخی تەکیەکان و گشت ئەوانەی لە دژی دزەکردنی تیشکی شارستانیی ڕۆژئاوان بۆ ناو جیهانی تاریک و پڕ لە شەوەزەنگی دەوڵەتی عوسمانی، بەهەموو توانای خۆیانەوە بەرەنگاری شێوازەکانی نوێی نیگارکێشان دەبنەوە. کار دەگاتە ئەوەی "زاوا"ی سەرپەرشتیاری کتێبی دووەمیش دەکوژرێت. لێرەدا سوڵتان دێتە ناوەوە و سێ ڕۆژ مۆڵەت بەمامۆستا عوسمانی سەرگەورەی نیگارکێشان دەدات بۆ دۆزینەوەی بکوژ کە گومان دەکرێت یەکێک بێت لە ناو دەستەی نیگارکێش و خۆشنووساندا. مامۆستا عوسمان داوا لە سوڵتان دەکات ڕێی پێ بدات ماوەی سێ ڕۆژ بەناو نیگار و شاکارە کۆنەکانی کەڵەکەبووی چەندین سەدەی ناو گەنجینەی کۆشکی سوڵتانیدا بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی نیشانەیەک کە شوێن پێ بباتەوە سەر بکوژی ڕاستەقینە. بەڕازیبوونی سوڵتان لەسەر ئەم پێشنیارە، هەل بۆ ئۆرهان پاموک دەڕەخسێت تا بەشێوەیەکی سروشتی، دەوڵەمەندی و بەنرخیی ناواخنی گەنجینەی سوڵتان بخاتە ڕوو و بەشێوازێکی هونەری پێشبینی ئاوابوونی خۆری هونەری نیگارکێشانی ئیسلامی و خۆڕانەگرتنی لە بەرانبەر تەوژمی پێشکەوتن و شارستانیی ڕۆژئاوادا بکات.

ڕەهەندێکی تری چێژبەخش بەخوێنەرانی "من ناوم سوورە" ئەوەیە کە نووسەر چیرۆکی ئەڤینێکی بلێسەداری خولقاندووە و ئەم چیرۆکە شانبەشانی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە

دەچێتە پێشێ. لایەنی یەکەمی ئەم داستانی عەشقە، شەکوورەی شۆخە کچی زاوایە. ئەم ژنە گەنج و تەڕ و پاراوە بەدوو کوڕی بچووکی هەمیشە پێکاهەڵپڕژاوەوە دەست بەگەڕان دەکات بۆ دۆزینەوەی باوکێک بۆ منداڵەکانی و مێردێکی نوێ و خۆشەویستێک لە جێی مێردی پێشووی کە ماوەی چوار ساڵە لە شەڕ نەگەڕاوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە شوێنی خۆ شاردنەوەیەوە سەیری ئەو نیگارکێشانەی کۆشکی سوڵتان دەکات کە باوکی یەک بەیەک بۆ ماڵەوە بانگیان دەکات. هەر کەسێک دەیبینێت عاشقی دەبێت: "هەموو کوڕان، گشت ئەوانەی ئەگەر بۆیان بکرایە تەنانەت جارێکیش لە دوورەوە، لە پشت پەردە و دەرگا و لەناو تۆپی قوماشەوە بمبینن، لە جێدا گرفتاری داوی ئەڤینم دەبوون. ئەمانە بۆ خۆهەڵکێشان نا، بۆ ئەوەی لە بەسەرهاتم بگەن و خەمی خۆمتان لەگەڵدا دابەش بکەم، دەگێڕمەوە. "(هەمان سەچاوەی پێشوو، ل ٦٦) لایەنی دووەمی ئەو خۆشەویستییە بەتینە قەرەی پوورزای شەکوورەیە. ئەم قەرەیە رۆژێک لە رۆژان دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە و راستەوخۆ ئەڤینی خۆی بۆ شەکوورە بەیان دەکات. بەدوای ئەم کارەیدا ناچار دەبێت پێ لە ماڵیان ببڕێت و سەری خۆی هەڵبگرێت. دوای ١٢ ساڵ لە زاوایەوە "باوکی شەکوورە" نامەیەکی پێ دەگات و داوای لێ دەکات بۆ ئەستەنبوڵ بگەڕێتەوە و بەسەرهاتی نیگارەکانی ئەو کتێبەی بۆ بنووسێتەوە کە بەنیازە بۆ سوڵتانی ئامادە بکات. هەر کە دەگەڕێتەوە و دەگاتەوە ئەستەنبوڵ، دیسان گڕی ئەڤینی بۆ شەکوورە تاو دەسێنێت: "...دوازدە ساڵ لەمەوبەر لە ئەستەنبوڵ کەوتبوومە داوی ئەڤینی کچەی تەمەن بچووکی میمکم. تەنیا چوار ساڵ دوای جێ هێشتنی ئەستەنبوڵ، کاتێک لە بیابانە بێ کۆتایی و چیا بەبەفر داپۆشراو و شارە خەمگینەکانی وڵاتی عەجەم نامەم دەبرد و دەهێنا و باجم کۆ دەکردەوە، هەستم دەکرد هێدی هێدی روخساری دڵداری منداڵی لە ئەستەنبوڵ جێ هێڵدراوم لەبیر دەچێتەوە. دڵەڕاوکێم پێ کەوت و هەوڵی زۆرم دا روخساری بێنمەوە یادی خۆم، بەڵام ئەوەش تێ گەیشتم روخسارێک مرۆڤ نەیبینێت، چەندیشی خۆش بوێت، لەبەرەوە هەر لەبیری دەکات. لە ساڵی شەشەمی ساڵانەی لە رۆژهەڵات بەکاری نووسیاری و رێبواری لە خزمەت پاشاکاندا بەسەرم برد، ئیدی دەمزانی ئەو روخسارەی دەیهێنمە بەرچاوی خۆم، رووی ئەڤیندارەکەی ئەستەنبوڵم نییە. دەمزانی ئەو روخسارەی لە ساڵی شەشەمدا بە هەڵە هاتبووەوە یادم، لە ساڵی هەشتەمدا لەبیرم کردووە و سەرلەنوێ وەک شتێکی تەواو جیاواز هاتووەتەوە یادم. دوای دوزادە ساڵ، کاتێک لە تەمەنی سی و شەش ساڵیمدا بۆ شارەکەم گەڕامەوە، بەدەم ئازار چێشتنەوە بۆم روون بووەوە هەیهوو فرە لەمێژە روخساری دڵدارەکەم


لەبیـر چووەتەوە." (هەمـــان ســـەرچاوەی پێـــشـــوو، ل١٦). ئەم چیـرۆکـی ئەڤــینە بـەتین و بڵێسـەدارەی قەرە بـۆ شـەکوورە، رۆڵێکی دیاری هەیە لە دەستنیشـانکردنی رەوت و ئاکـامـی رووداوەکانی ناو رۆمانەکەدا. ئەدی مەگەر نەگوتراوە ئەڤین پەرجوو دەخوڵقێنێت!

وەک زۆربەی نووسـەران و هونـەرمـەندانی گـەورەی جیـهان، ئۆرهان پامـوکیش بۆچوون و ئەزمـوونەکـانی ژیانی خـۆی دەخاتـە دووتوێی رۆمانـەکانییـەوە و لە زمـانی کـارەکتـەرەکـانەوە بەخـوێنەرانـی دەگـەیەنێت. هەنـدێک لە بۆچوونەکـان وەک "تێکشـانی مـرۆڤ" دەکـەونە روو. ئەوەتا یـەکـێکیـان دەڵێت: "ئەگـەرچی مـرۆڤ بە ئازارەوە تێ دەگـات تـاک و تەنیـایە، بەڵام سـەرباری ئـەوەش سـەرجـەم دەرگـە و دۆڵابەکان دەکاتەوە و دادەخـات و تەنانەت سـەرقـاپی مـەنجـەڵەکـانیش هـەڵدەداتەوە و دادەنێـتـەوە. منیش هەر وام کـرد. بگرە سـندوقـەکـانیـشم کردەوە و سەیرم کـردن." (هەمان سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٥٤). یاخـۆ پاڵەوانێکی تر باس لە نائومێدی دەکات: "بەسـەر هەمووماندا دێت: هەندێک جار لۆجیکییـانە بیر دەکەمەوە و دەڵێم دوای چەندین هەفتە و ساڵ خەیاڵکردنەوە، رۆژێک شـتێک دەبینین، روخسارێک، جلوبەرگێک و مرۆڤـێکی بەختـەوەر دەبینین و تێ دەگـەین خـەیاڵەکـانمان بەدی نایەن، بۆ نمـوونە دەڵێین هەرگـیـز ئەو کـچـەمـان نادەنێ، یاخـۆ هیـچ کـاتێک ناگـەیەندرێینە ئەو پلـەیە. "(هەمـان ســەرچاوەی پێــشـــوو، ل ١٨٨). پاڵەوانێکی تر لەپڕ و بـەشـێـوەیەکی چاوەڕوان نەکـراو رووبەڕووی ئەشکەنجـە و ترسـی مـردن دەبێتـەوە: "من شـەڕ و مـردن و سـاتەکانی کوشتن و ئەشکەنجـەدانم لەپای سـیاسـەت لە دوورەوە دیبوو و ئەو سـەردەمـانە دەمـزانی مـرۆڤ بۆی هەیە هـەر سـاتێک بفـەوتێ، بەڵام ئەمـە هیچ بەسـەر خـۆم نەهاتبـوو." (هەمـان سـەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٠).

ئەگـەر لە روانـەگـەیەکی مـێژووییـەوە بۆ رۆمـانی"من ناوم سـوورە" بڕوانین، دەبینین وەک ئاوێنەیەک هەندێک دیاردە و خـوو و گرفتەکانی ئەو سەردەمـەمان پێشان دەدات. بۆ نموونە چیـرۆکی قـاوە: ئەم خـواردنەوە گـەرم و بۆندار و بەچێژ و سـەفـابەخـشـەی کـە خـۆشـترین خـواردنەوەی بەشـێکی زۆری مـرۆگـەلی ئەم رۆژگـارەیە، لە سـەرەتای پەیدابـوون و چێشـتنی تامی لەلایەن مرۆڤەوە و بەدرێژاییی مـاوەی گەیشتنی لە ئەسیوپیـاوە بۆ ئەوروپا، مێژوویەکی پڕ لە کێشـە و ناکۆکیی هەیە. بەپێی سـەرچاوە مێژووییەکان، یەکەمجـار سوڵتـان سـەلیـمی یەکـەم لە سـاڵی ١٥١٧دا لـە باشـوری ئیـمـپراتۆرییـەتی عـوسـمـانییـەوە قـاوە دێنێـتـە ئەسـتـەنبـوڵەوە. لەو سـۆنگەیەوە کە ئەسـتـەنبـوڵ ئەو سـەردەمـانە و ئێسـتـاش دەروازەی رۆژهەڵاتە بەرەو ئەوروپا، دەبووایە قـاوەکـەی سـوڵتـان سـەلیمی یەکـەم مـاوەیـەکی درێژ لەو

شارە گیری نەخواردبایە و بەزوویی دەربازی ئەوروپا بووایە. بەڵام راوەستن، با لە بیرمان نەچێت لەو سەردەمەدا ئەستەنبوڵ پایتەختی خەلافەتی عوسمانی و شوێنی نیشتەجێبوونی سێبەری خوا لەسەر زەوی (سوڵتانەکانی عوسمانی) بووە. بۆیە لێکدانەوەی زۆر بۆ قاوە کراوە: دەسەڵات هەوڵی داوە بە خەڵکی ئاشنا بکات، بەڵام شێخ و مەلا و توندڕەو و دەمارگیران بە "حەرام"یان زانیوە و هەوڵیان داوە رێ لە بڵاوبوونەوەی بگرن. ئەو زستانە تۆف و شوومەی ساڵی ١٥٩١ کە رووداوەکانی "من ناوم سوورە"ی تێدا دەقەومێن، دەکەوێتە چەقی سەردەمی شەڕی سەخت و هەندێک جار خوێناویی نێوان لایەنگران و دژبەرانی قاوەوە. ئۆرهان پاموک بەشێوەیەکی زیرەکانە ئەم مێژووی پڕ لە گرفتەی قاوەی لە رۆمانەکەدا بەکار بردووە و لە چەندین دەروازەوە دەمانباتە ناو بابەتەکەوە. ئەوەتا یەکێک لە کارەکتەرەکان دەڵێت: "ئەم مەلا خوسرەتە هارتر بووە و لیک بە دەمیدا هاتووەتە خوارێ و گوتوویەتی ئەی گەلی باوەڕمەندان، قاوە خواردنەوە حەرامە. حەزرەتی پێغەمبەرمان لەبەرئەوەی زانیویەتی قاوە مرۆڤ گێژ دەکات و گەدە کون دەکات و دەبێتە هۆی پشت ئێشە و نەزۆکی و تێ گەیشتووە گەمەی ئبلیسە، نەیخواردووەتەوە." (هەمان سەرچاوە، ل ٢٥)، ئەستەریش گوێی لە دەستەیەک لە توندڕەوان بووە کە: "باسی زیانەکانی قاوەیان دەکرد؛ چۆن چاو و گەدە خراپ دەکات، مێشکی مرۆڤ تێک دەدات و لە ئاین دەری دەکات. دەیانگوت ژەهرێکی فەرەنگییە و..." (هەمان سەرچاوە، ل ٥٢١).

ئەستەنبوڵ وەک شارێکی گەورەی جیهان و مەڵبەندی کۆبوونەوە و پێکەوە ژیانی سەرجەم نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی عوسمانی، پێش ئەو کاتە و لەو



بەرگی پێشەوەی من ناوم سوورە بەزمانی تورکی

**"ئەم شاکارەی ئۆرهان پاموک پێشاندانی ئەشکەنجە و شێوازەکانیەتی لەو سەردەمەی ئەستەنبوڵدا کە هێندە بەقووڵی رەگی داکوتاوە، تەنانەت لەم سەردەمەشدا پەنای بۆ دەبرێت"**

کـاتەشـدا شـانۆی پەیڕەوکـردنی دیاردەی "هۆمـۆسـێکسـوێلی نێـربازی" بووە. لـەبەرئەوەی قـارەمـانەکـانی "من ناوم سـوورە"ش بەشـێکی دانەبڕاوی کـۆمـەڵگەی ئەو سـەردەمـەی ئەستەنبوڵن، ئەوانیش لەو دیاردەیەوە گلاون. نیگارکێشـان و خۆشنووسـانی ناو "من ناوم سـوورە"، ئەگـەرچی هەمـوویان خـۆیان بە لـە خـواترس دادەنێن و بۆ سـوڵتـانی خـەلیـفـەی مسوڵمانان کار دەکەن و لە پێناوی "حـەلاڵ" و "حەرام"دا خوێنی یەکتر دەڕێژن، کەچی ساڵ لە نێـربازی ناکـەنەوە. ئەوەتا چیـرۆکـبـێـژ دەڵێت: "لەبـەرئەوەی سـەیرکـردنی ژنێکی ڕوو دانەپۆشراو، قسەکردن لەگەڵی و دیتنی ڕەهەندە مرۆییەکانی، لەکن ئێمەی پیاوگەل ڕێ بۆ هەسـتـانی چێژ و ئازاری قـووڵی مـانەوی خـۆش دەکات، وەک ئاینمـان فـەرمـانی پێ داوین، باشـتـرین شت ئەوەیە پیـاو پێش مـارەبڕین بەهـیچ جـۆرێک ژن، بەتایبـەتیش ژنـی جـوان نەبینێت. مرۆڤ ناچارە بۆ دامرکاندنەوەی حـەز منەی دۆستایەتی کوڕانی جوان بکات، ئەو کوڕانەی هیچیان لە ژنان کەمتر نییە و ئەمەش دواجار دەبێت بەخوویەکی شیرین." (هەمان سـەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٤). پـارەی قەڵبیش لە گێڕانەوەی بەسـەرهـاتی خـۆیدا دەڵێت: "بۆ نموونە، لەتاو ئاگری ئەڤین قـرچەت دێت و دەسـووتێیت، بەپەلەپرووزێ خـۆت دەگەیەنیتـە کن مـەحمـوودی کـوڕە شـۆخی شـۆخان، ئـەو کوڕەی سـەرانسـەری دنیا ئەڤیندار و کوشتـەیەتی. ئەویش لە پێشـدا لەبری هەرامـەکەت، پارەکە بۆ دەمی دەبات، گـازێکی لێ دەگرێت و دەڵێت قـەڵبـە، بۆیە لەبری سـەعـاتێک، تەنیـا نیـو سـەعـات دەتبـات بۆ بەهەشت."(هەمـان سـەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨).

ڕەهـەندێکی تری ناو ئـەم شــاکــارەی ئۆرهـان پامــوک پێــشــاندانـی ئەشکـەنجــە و شێوازەکانیەتی لەو سەردەمەی ئەستەنبوڵدا کە هێندە بەقووڵی ڕەگی داکوتاوە، تەنانەت لەم سـەردەمـەشـدا پەنای بۆ دەبرێت. نووسـەر لە زمـانی یەکێک لە قـارەمـانەکـانەوە بەمـجـۆرە وەسـپی شــاری گــەورە و جــەنجـاڵ دەکـات: "ژیریی شـاران، بـەجـیـهـانەکـانی ناویان، کتێبـخـانەکانیان، نیگارکێشـانیـان، خۆشنووسـان و دەرسـخـانەکانیان نا، بگرە پێویسـتـە بەزۆریی ئەو تاوانانـەی بەدرێژایی هـەزاران سـاڵ لە کۆڵانە تاریکەکانیـاندا چەپەڵانە ئەنجام دراون، بپێـورێن. بەم لۆجـیکە بێت، هیچ گـومـانم نیـیـە لەوەی ئەسـتـەنبوڵ ژیرتـرین شـاری سـەرتاسـەری جیـهـانە." (هەمـان سـەرچاوەی پێـشـوو، ل ١٥٥). یاخـۆ کـاتێک ئەسـتـەر لە سـاتێکی ترسدا لەگەڵ خـۆیدا دەدوێت: "دایکی دایکم هـەمـوو جارێک پێی دەگوتم تورکەکان زۆر جـاران بێ هۆ و لەخـۆڕا مـرۆڤ دەکوژن. "(هـەمان سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥١٠ – ٥١١). ڕێژەیەکی زۆر کـەمـیـان نەبێت، ئیـدی سـەرجـەم ڕۆشنبـیـرانی تورک خـۆیـان لە باسکردن و

ناوهێنانی دڕندەیی و پاشاگەردانیی سەردەمی عوسمانی دەپارێزن و زۆر جاریش پەردەپۆشی دەکەن و هەوڵ دەدەن مێژووی کۆنیان بەشێوەیەکی گەش بخەنە بەرچاو. بەڵام پاموک لەم ڕێبازە لای داوە و ڕووداوەکان وەک ئەوەی کە هەبووە دەخاتە ڕوو. ئەوەتا لە زمانی مامۆستا عوسمانەوە دەڵێت: "بەڵام من هەستم بەشەرم کرد لەپای ئەو چێژە چەپەڵەی نیگارکێش کە لە کاتی کێشانی نیگاری هەموو ئەم شتانەدا هەیبووە و من ئێستا پەی پێ دەبەم: فەلاقە، دارکاریکردن، لە چوارمێخەدان، هەڵواسین، هەڵواسینی سەربەرەوخوار، لە قولاپدان، دانیشاندن لەسەر مێخزنجیر، خستنە ناو تۆپ و فڕاندن، خنکاندن، ملپەڕاندن، خستنە بەر سەگی برسی، قامچیڕێژکردن، خزاندنە جەواڵەوە، لە مەنگەنەدان، لە ئاوی سارد هەڵکێشان، قژڕنینەوە، شکاندنی پەنجە، گروونی لەسەرخۆی پێست، لووت شکاندن و چاو دەرهێنان." (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٨-٤٦٩).

نووسەر شێوازێکی دڵگیر و پڕ لە چێژی لە دارشتنی بەشەکانی ڕۆمانەکەدا گرتووەتە بەر، ئەمەش دەوڵەمەندی و فرەڕەنگیی زیاتری بەدەقەکە بەخشیوە و لەگەڵ کۆتایی هەر بەشێک و سەرەتای بەشێکی تردا خوێنەر زیاتر بەقووڵاییی ڕووداوەکاندا دەچێتە خوارەوە. سەرجەم ڕۆمانەکە لە ٥٩ بەش پێکهاتووە و بەشەکان بەسەر کەسایەتی و کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەردوو تەوەرەی کارەکەدا دابەش کراون: گرێی پۆلیسی و چیرۆکی ئەڤین. ناونیشانی هەر بەشێکیش ئاماژەیە بۆ کەس یان ئەو کارەکتەرەی کە قسەمان بۆ دەکات و ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەشەکانی تایبەت بەچیرۆکی ئەڤینی ناو ڕۆمانەکە بەمجۆرە دابەش کراون: (من ناوم قەرەیە، ١١ بەش/ من شەکوورەم، ٩ بەش/ من زاواتانم، ٥ بەش/ من ناوم ئەستەرە، ٤ بەش).

بەشەکانی تایبەت بەناکۆکی و دووبەرەکیی نیگارکێشانیش بەمجۆرە دابەش کراون: (دواجار پێم دەڵێن بکوژ، ٧ بەش/ من مامۆستا عوسمانم، ٣ بەش/ پێم دەڵێن پەپوولە، ٣ بەش/ پێم دەڵێن لەقلەق، ٣ بەش/ پێم دەڵێن زەیتوون ٣ بەش).

بەچاوگێڕان بەم دابەشکردنەدا دەبینین (قەرە) ١١ بەشی بەرکەوتووە، چونکە قارەمانێکی هاوبەشی نێوان هەردوو تەوەرەی ڕۆمانەکەیە. بەدوای ئەودا (شەکوورە) دێت و ١١ بەشی ڕۆمانەکە بۆ خۆی دەبات، چونکە ئەویش قارەمانێکی هاوبەشی نێوان هەردوو تەوەرەی چیرۆکەکەیە و ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوونی ڕووداوەکاندا. کەسایەتیی بکوژی نادیاریش ٧ بەشی بەرکەوتووە، چونکە پاڵەوانێکی سەرەکییە و ڕۆمانەکە لەسەر بناغەی کردەوەکانی ئەو دارێژراوە. "زاوا"ش ٥ بەشی بەرکەوتووە، ئەمیش

له زۆر رووەوە کارەکتەر و رووداوەکانی هەردوو تەوەرە بەیەک دەگەیەنێت. ئەستەری ژنە جوولەکەی قسەخۆش و پەیامبەری دڵداری و دەلاڵی بەشوودەری کچانی ئەستەنبوڵ و بەدیهێنەری خەونی ئەڤینداران و کەسایەتیی خاوەن ئەزموونی ژیان، بەکۆشش و ئازایەتیی خۆی ٤ بەشی لە رۆمانەکە بۆ خۆی دابچڕیوە. نیگارکێشان پەپوولە و لەقلەق و زەیتوونیش هەریەکەیان سێ بەشیان پێ براوە، ئەویش وەک ئاماژەیەک بۆ یەکسانیی رۆڵ و بەشدارییان لە رووداوەکانی رۆمانەکەدا.

رۆمانی "من ناوم سوورە" بەرشتنی دەردی دڵ و دەربڕینی خۆزگە و ئاواتەکانی شەکوورەی شۆخ تەواو دەبێت. شەکوورە دەڵێت: "خۆزگەم دەخواست نیگاری خۆم بکێشرێت. بەڵام دەمزانی چەندیش هەوڵ بدەن ئەمەیان بۆ ناکرێت، چونکە تەنانەت ئەگەر جوانیشم وەک خۆی ببینن، هیچ نیگارکێشێکی سوڵتان تا نیگاری چاو و لێوی ژن وەک ژنانی چینی نەکێشێت، مخابن باوەڕ بەجوانیی رووی ژن ناکات. ئەگەر بەنەریتی مامۆستایانی کۆنی هەراتی نیگاری منیان وەک شۆخێکی چینی بکێشابایە، ئەوانەی دەیانبینیم و دەیانناسیم، لەوانە بوو بتوانن رووی شاراوەم لە پشت ئەو شۆخە چینییەوە بناسنەوە. بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە تەنانەت بۆشیان روون بووایەتەوە کە من لە راستیدا چاوماسی نەبووم، بەهیچ جۆرێک بۆیان نەدەبرایەوە سەریەک رووم لە چی چووە. ئەم رۆژگارە و لەم دەمی پیرییەمدا، کە بەدەم دڵدانەوەی کوڕەکانمەوە بەسەری دەبەم، چ بەختەوەر دەبووم ئەگەر نیگارێکم هەبوایە ئەو دەمە بکێشرابایە کاتێک هێشتا رووم گەنج بوو!" (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١١-٦١٢).

پاموک لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا پێی وابووە رۆژێک لە رۆژان دەبێت بەنیگارکێش و ماوەیەکیش لەو بوارەدا خوێندوویەتی، بۆیە هەمان کات بەشارەزایەکی لێزانی مێژووی نەخش و نیگاری کۆنی سەردەمی عوسمانیش دادەنرێت. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم برگەیەی کۆتاییی رۆمانەکە ددان پێدانانێکی روون و ئاشکرای نووسەرە بەلەناوچوونی نەخش و نیگاری ئیسلامیدا و بەرگە نەگرتنی لە بەرانبەر تەوژمی نوێخوازی و پەرەسەندنی زانست لە رۆژئاوادا. سەرجەم ئەم رۆمانە بەناوەرۆک و قەوارە گەورەیە، لەلایەک سەبارەت بە مردووان، زمانگرتنی شتومەک، مەرگ، هونەر، ئەڤین، ژیانی هاوسەری و بەختەوەرییە کە هەر یەکەیان بەدەنگی خۆیان دەدوێن. لە لایەکی تریش، شینێکی خەمگین و رازاوەیە بۆ نەخش و نیگارە لەناوچوو و لەبیرکراوەکانی ئەو سەردەمانە، کە ئێستا بەشێکیان لە پشت جامخانەی مۆزەخانەکانەوە پاڵیان لێ داوەتەوە.